# حیکایەتی فەرزەندەکان و باوکی موقەدەس

نیهاد جامی

ئەو پەیوەندیە چیە دەکەوێتە نێوان هەریەکە لەحیکایەت و موقەدەس؟ دیارە لەنێوان حیکایەت و موقەدەس پەیوەندیەکی هاوبەش هەیە کە هەریەکەیان بۆ بەردەوامی بەخشین بەخۆی پێویستی بەوەیتر دەبێت، بەوەی چۆن موقەدەس بێحیکایەت هیچ مانایەکی نیە بەهەمان شێوەش حیکایەت بەبێ موقەدەس توانای ئەوەی نیە درێژە بەخۆی بدات، بۆیە لەئامادە بوونی هەریەکێکیان پێویستمان بەوە دەبێت کە ئەویتریش بێنینە ناو ڕووبەری زمان، تاوەکو بەیەکەوە توانای بەرزکردنەوەی دەلالەتەکانی نووسینیان هەبێت، بەتایبەت کاتێ دەبینین فەرزەندەکان (منالأن) چەندە بێحیکایەت هەڵناکەن بەهەمان شێوەش باوکان پێویستیان بەموقەدەس بوونی خۆیان هەیە، حیکایەتی فەرزەندەکان لەبارەی چیرۆکی کوشتنی باوکی موقەدەس حیکایەتێکی هەمیشەیی نێوان نەوەکانە، هەرلەسەردەمی فرۆیدەوە تا دەگات بە هنری میشۆ و خۆزیا تریانا و ئەنترۆپۆلۆژیستێکی وەك مۆریس گۆدلیە و تاوەکو لەنووسینی کوردیی بە شێرزاد حەسەن دوایی دێت، هەریەك لەو نووسەرانە کۆمەڵێك مانای جیاوازی لەو پەیوەندیە بەرهەم هێناوە ، تاوانی کوشتنی باوك بابەتێکە لەڕۆشنبیریی کوردیدا لەلای شێرزاد حەسەن لە "حەسار و سەگەکانی باوکم" لەناو خەونی کورە گەورەی حەسار کۆتایی دێت کاتێ خەون بەکوشتنی باوك دەبینێت ئەو خەونە جگە لە تراژیدیای دوای کوشتنی باوك شتێکی ترمان بۆ بەرهەم ناهێنێت، کە لەواقیعی کوردیشدا ئەوە باوك نیە کوژراوە، بەڵکو مردنی باوك وەك بیانوویەك سەیر دەکرێت کە هاو واتا بکرێتەوە بەهەمان دەرەنجامی کوشتنی، بەتایبەت کاتێ دەبینین باوکان بێباکن لە ڕۆیشتن و بەحیهێشتنی ماڵ لەلایان فەزەندەکانەوە وەك لەشانۆگەریەکەی هنری میشۆ باوك دەڵێت"ڕۆژێك دێت مناڵەکان دەگەڕێنەوە ماڵەوە" ئەو دڵنیابوونە لە بێتوانایی شۆڕشی فەرزەندەکان هاتووە، هەر ئەو بێتواناییەشە ئەو کوشتنە لەسیاقی گەمەیەك دەرناکات وەك چۆن لای خۆزیا تریاناش منالأن تەنها دەتوانن گەمەی کوشتنی دایە و بابە ساز بکەن، گەمەیەك مایەی سەرئێشە و ئازارێکی زۆر دەبێت بۆیان، کە پێویستە خاڵی جەوهەری لەناو ئەو کوشتنەمان بیر نەچێت کەلای فرۆید بیرۆکەی ئەو کوشتنە لە"گرێی ئۆدیب" ەوە سەرچاوە دەگرێت، بکوژ لەڕێگەی کوشتنی باوکەوە ئارەزووی نزیك بوونەوە دەکات لەدایك، بەوەی ئارەزووەکانی سەرکوت کراوەتەوە، چونکە هەست دەکات باوك

دایکیانی لێزەوت کردووە، لێرەدا باوک چەمکێکە دەلالەت لە دەسەلآت دەکات، دەسەلآت بەو مانایەی کە ئازادیی ئەوانی تر لەناو سیستمی باوکایەتی کۆنترۆڵ کراوە و باوک لەو ڕێگەیەوە نایەڵێ فەرزەندەکان خەونی خۆیان بێننە دیی.

مالی کوردیی لەناو ئەو سیستمە نەك خالی و بێبەریە بەلکو ئەوە سیستمی باوکسالاریە کار لەناو خێزان و دامەزراوەکانی خوێندن و فەرمانگەکان و تەنانەت ئەو سیستمە لەناو پێکهاتەی حزب و حکومەتیشدا یەکێکە لەکاراترین ئەو سیستمانەی کە لەپشت بڕیارەکانەوە دەردەکەون، باوکی کوردیی کارەکتەرێکە ومارەسەکردنی دەسەلآتی خۆی تەنها لەڕێگەی فرمانەکانیەوە پیادە ناکات، بەلکو لەڕێگەی ئەو ئارەزووە تاناتۆسیەش دەبینێت، کە مەرگ وێرانکردن گوزارشت لە پتۆلی دەسەلآتەکەی دەکەن، لێرەوە لەمێژووی ژیانی ئێمەدا هیچ کایەیەك هێندەی کایەی سیاسی گوتاری باوکسالاریی تیایدا ڕەنگی نەداوەتەوە هۆیەکەشی ئەوەیە گوتارێکە دەیەوێت بگات بەدەسەلآت، گوتارێکە بەردەوام ئارەزووی گەیشتنی هەموو ئەوشتانەی هەیە کە نەیتوانیوە وەدەستی بێنێت، ئەو گوتارە لەلایان کارەکتەرە سیاسیەکانمانەوە خالی نیە و نەیتوانیوە گرێی ئۆدیب بەجێبێلێت، ئەوەش گرنگ نیە بەلامانەوە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە چ کارەکتەرێکی سیاسی ئێمە ئەو گرێیە زیاتر لەناویدا گەشەی کردووە، هێندەی ئەوەی لامان مەبەستە هەست نەکردنی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگایە بەو گرێیە، یاخود دلنەوایی بوون بەوەی ئەوە ئۆدیبیەت نیە ئەو ڕەفتارانە بەڕێوە دەبات، بەلکو نیاز پاکیە بۆ باوکێکی بەزەیی، بۆیە لەهەر جۆرە پەیوەندیەکی لەو شێوەیە ببینە دوان، ئەوا دواجار دەگەینە دەرەنجامێك کە کۆمەلێك مانامان هەیە لەبارەی دەسەلآتی باوکی کوردیەوە، ئەوکاتەش بمانەوێت لەو شێوەیە بتۆژینەوە پێویستمان بەگەڕانەوەیە بۆ دیکۆمێنتەکان و ڕەفتار و لێدوانەکان دەبێت، دەکرێت ئەوە کەسانێك زۆر لەئێمە بەتواناتر ئەو کارە ئەنجام بدەن، ئەوەی ئێمە لێرەوە قسەی لەبارەوە دەکەین ڕووداوێکی دوور نیە بەلکو ڕووداوێکی هەرە نزیکە، بەلآم لەناو فەزای حیکایەت و موقەدەسەوە لێوەی نزیك دەکەوینەوە، بەپێی توانای دەست نیشانکراوی ئێمە دەشێ ئەو کارە هەندێك مانامان لەخەسلەتەکانی ململانێی باوکی کوردیی پێببەخشێت، و ئەو دەمامکەی لەڕووی فەرزەندەکانە بۆ قسەکردنەوە لەیەکبوونی ئێمە و نیازپاکی ئەوان هەلبمالێت، تاوەکو بتوانین سیمای ڕاستەقینەی ئەو ململانێیە ببینین.

ئەو بابەتەی بەلای ئێمەوە جێگەی قسەکردنە ئەوە سەردانی لەناکاوی جەلال تاڵەبانی بوو بۆسەر گۆڕی مەلا مستەفا، ئەو ئاسودەیەی کە ئەندامان و میدیای ئەو دوو هێزە کوردیە باسی لێوە دەکەن لەبارەی چەمکی برایەتی و یەکبوون و نیاز پاکی، هەوڵێکە بۆ درێژە دان بە گەمەیەکی سیاسی، بۆئەوەش پێویستە لەدەرەوەی ئەو تێگەیشتنە ڕووکەشەوە سەیری ئەو سەردانە بکەین، دەبێت لەڕەهەندی جیاوازتر لەوەی دەووترێ سەیری سەردانی کەسی میوان (تاڵەبانی) بۆ لای خودان ماڵ (بارزانی) بکەین، چونکە پەیوەندیەکە تەنها لەسەر ئاستی گۆڕستانەوە دەرناکەوێت، بۆ ئەوەی وەك بەشێك لەڕابردووی سیاسی خۆی سەیری مردوو بکات، بەڵکو ئەو میواندارییەتیە گوزارشت لەیەکبوونی کوردیی و نیاز پاکی میوان ناکات، هێندەی گەمەیەکی هەمیشەیی ئەو کارەکتەرە سیاسییە، چونکە مێژووی ململانێی نێوان مەلا مستەفا لەتەك تاڵەبانی مێژووی گومانکردنی ئەو دوو ئاراستەیە لەتەك یەکتر چ کە ڕۆژگارێك مەلا مستەفا ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردیی دەکرد و تاڵەبانی وەك جەلالی ناوی دەرکردبوو، چ لەو ڕۆژگارەی دەسەڵاتی پارتی کەوتە دەست کوڕەکانی مەلا مستەفا (ئدریس و مەسعود) و تاڵەبانیش لەناو یەکێتیدا بوو بەوەی شەڕەکە لە جەلالی و مەلاییەوە گواسترایەوە بۆ یەکێتی و پارتی، کە ئەو سەردانەی ئەمڕۆ بۆ گۆڕستان پێشتر کارێکی لەو شێوەیەمان بینی لەهێنانەوەی تەرمی مەلا مستەفا بۆ کوردستان، کە چۆن تاڵەبانی خۆی بە کوڕی ئەو ناوبرد، کەچی ئەو کوڕە جارێکیتر شەڕی لەتەك براکانی کردەوە، جارێ دەمانەوێت لەڕێگەی پەیوەندیی باوك و فەرزەندەوە پەیوەندیی مەلا مستەفا لەتەك تاڵەبانی بخوێنینەوە، دواتریش دێینە سەر چەمکی مردوو وەك وەستانی بونیادێکی فیزیکی و گۆڕ وەك شوێنێك کە جەستە لەکارەکتەرێکی بزۆزی ناو ژیان تێکەڵی خۆڵ دەبێتەوە و بەرەو فەنابوون دەچێت، و گۆڕ دەبێتە مەزارگەیەك کەتیایدا وەك تەوتەمێك کە ببێتە ڕەمزیی موقەدەس، ئەوکاتەی ئەو کارەشمان ئەنجام دا، ئەو ساتە پرسیاری ئەوە دەکەین ئەو کارەکتەرە سیاسیە بۆ وای کرد و ڕێزی لە کوژراوانی خۆی نەگرت و خانەوادەی کوژراوەکانی بێئومێد کرد لەوی بەڕاست ئەوان مناڵەکانیان لەپێناو چی بەکوشتدا؟ بۆ ئەوەش دێینە سەر ئەو ووتانەی کە لەسەر گۆڕی خوالێخۆش بوو مەلا مستەفا دەیلێت.

ئەوکاتانەی بمانەوێت لەڕەفتاری کەسێتی مرۆڤێك تێبگەین، ئەوەندە بەس نیە لەڕەفتارەکەوە سەیری کەسێتی ئەو بکەین، بەڵکو دەبێت مێژووی کەسێتی ئەو لەو

جۆره ڕەفتارانە جیا نەکەینەوە، بەتایبەتی کاتێ ئەو کەسە کارەکتەرێکی سیاسی بوو کە لەڕێگەیەوە مومارەسەی دەسەلاّت بکات، دەبێت توانای خوێندنەوەی پەیوەندیی نێوان کارەکتەر و دەسەلاّتمان هەبێت، کارەکتەر کاتێ لەپەیوەندیەکی هەمیشەییدایە لەگەڵ دەسەلاّت، دەسەلاّت بەو مانایەی کە ئەو نایەوێت دەسەلاّتێك هەبێت لەسەرووی ئەودا، بەڵكو ئەو لەڕێگەی ڕەفتارەکانیەوە مومارەسەی دەسەلاّتێك بکات، بەتایبەت ئەوکاتەی چەمکی دەسەلاّت بە مانا(فۆکۆ) ییەکەی تەماشا بکەین کە "دەسەلاّت پەیوەندیی هێزە"، چونکە ئەوە پەیوەندیەکانی هێزە وا لە کارەکتەرەکە دەکات، هەست بەدەسەلاّتی خۆی بکات، و دەسەلاّتی هیرارکیەتی قبووڵ نەبێت، ئەو تێگەیشتنە بۆ دەسەلاّت هەڵگەڕانەوەیە لەباوك (دەسەلاّت).

لەناو شۆڕشی کوردیدا کارەکتەرێکی سیاسی وەك مام جەلال پێی هەڵدەستێ کاتێ لە مەلا مستەفا یاخی دەبێت و چیتر بەفەرمانی ئەو باوکە ڕازی نیە، ئەو هەڵگەڕانەوەیە لەدایکبوونی ململانێی نێوان باوك و کوڕە، ئەوە فەرزەندەکانن لەماڵ دەچنە دەرەوە، چونکە ئاکار و نەریت و سیستمی ماڵیان بەدڵ نییە، لەشۆڕشی کوردیشدا ئەوە تاڵەبانیە چیتر ئەو ئاکارەی بەدڵ نیە کەلەناو شۆڕشدا هەیە، و بەدوای عەقڵێکی نوێ و جیاواز دەگەڕێت، ئەو هەڵگەڕانەوەیە بەتەنها خۆ جیاکردنەوەیەکی سیاسی نیە، بەڵکو خۆجیاکردنەوەیەکی کۆمەلاّیەتی و ئابوریی و زمانەوانیە کەتا ئەو ڕۆژگارەش بەمۆد و ستایلی جیاواز خۆی نواندووە، هەرلە ڕاگەیاندنی شەڕی دەسەلاّت بەناوی (جەلالی و مەلایی) تادەگات بە شەڕکردنی گروپە کۆمەلاّیەتیەکان بەهۆیدابەش بوونیان بەسەر ئەو دوو هێزەوە، کەدیارە کێشەی ئابوریی ئەو دووهێزە گرفتێکی سەرەکی بووە، کە بەردەوام وای کردووە باوك زیاتر هەست بەدڵنەوایی کورسی دەسەلاّتەکەی بکات، بەتایبەت کاتێ یەکەم خیانەتکردن لە باوك لەناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کاتێ تاڵەبانی دەستی لەگەڵ دوژمنەکەی باوك تێکەڵ دەکات، ئەو دەست تێکەڵ کردنە زەنگێکە بۆ هەست کردن بەمەترسیەکانی بونیادەکانی ماڵ (شۆڕش) کە دەشێ نەوەی نوێی شۆڕش بەسەر بونیادە پێکهاتووەکانی بنەماڵەدا بکات، کە لێرەدا ئەو هەڕەشەیە هەمان زەنگە کەپێشتر هنری میشیۆ لەشانۆگەریی"زنجیرە لێکدراوەکان" شۆڕشی نێوان فەرزەند و باوکان ئاگادارمانی کردۆتەوە وەك لەسەرەتای ئەو ووتارە ئاماژەمان بۆ کرد تەنانەت دەرەنجامەکەشی هەر هەمان دەرەنجامە کاتێ باوك بڕوای وایە ڕۆژێك مناڵەکان دەگەڕێنەوە بەردەستی خۆی، وەك لەشۆڕشی کوردیدا بینیمان باوك توانی

هەمان گەمەی کوڕ بکاتەوە و بەدەسکەوتێکی زۆر زیاترەوە منالأن بەدەوری خۆی کۆبکاتەوە زۆر فراوانتر لەکوڕە هەڵگەڕاوەکەی مومارەسەی ئەو گەمەیە بکات، ئەو ئاماژە زمانەوانیەی میشیۆ بۆ گەڕانەوەی فەرزەندی یاخی گەڕانەوەیەکە لە گفتوگۆی هەفتاکانی بارزانی لەگەڵ بەعس لەو کاتانەدا بەڕوونی دەرکەوت کاتێ فەرزەندی یاخی (تاڵەبانی) بەکۆمەڵە شکستێکەوە دێتەوە بەردەم باوکە و پەشیمانی خۆی ڕادەگەیەنێت، بەلأم ئەو کاتانەی باوکیش لەو گەمەیە دەست بەتاڵ دێتە دەرەوە کوڕەی یاخی جارێکی تر دەچێتەوە قۆناغی لەبیرچوونیشکست و هەڵە کردن وجارێکی تر نەك یاخی دەبێتەوە بەڵکو بانگەشە بۆ توندڕەویی لەناو شۆڕشێکی جیاواز دەکات، و چیتر نە ئامادەیە لەناو حزبی باوکدا بێت و نەتەنها دەبێتە گروپێکی چەکدار بەڵکو بانگەواز بۆ درووست کردنی حزبێکی جیاواز و شۆڕشێکی نویێ ڕادەگەیەنێت، ئیدیی ململانێی ئەو دوو هیزە دەبێتە خاوەن ڕەگێکی مێژوویی لەوە دەردەچێت لەو ئاستەی ئیتر پێی بووترێت شەڕ فرۆشتنی تاڵەبانی بە خەباتی کوردایەتی، بەڵکو ئیدیی دەبێت بە ململانێی نێوان یەکێتی و پارتی، ئەو لێدوانەی بارزانی بەدوای پەڕینەوە لەئاوی ئاراس کاتێ دەڵێ "کاری من تەواو بوو"چەندە دەستەواژەیەکە ئەو پیاوە دەیەوێ بەدنیا بڵێت کەئەوەی ویستی نەیتوانی وەدەستی بێنێت، بۆیە دەشێ خەڵکانی تر ئەوکارە لەئەستۆ بگرن، کەچی دەبینین ئەو ووتەیە دەستەواژەیەکە بۆ یەکێتی دەبێتە سەرەتای هەستکردن بەغروری ئەو هێزە کەبڵێت ئیدیی ڕەوتی مێژوو لەدەست مندایە، ئەگەر تامردنی بارزانی سالأنێك بێت بۆ پارتی لەناو شکستی کوردیی سەیر بکرێت ئەوە تاڵەبانی ئەو شکستە بەهی کورد نازانێت هێندەی بە شکستی پارتی سەیری دەکات، بەلأم لەگەڵ مردنی بارزانی و هاتنی ئیدریس بارزانی وەك کارەکتەرێکی سیاسی بۆ سەرکردایەتی پارتی جارێکی تر ئەو ململانێیە لەنێوان ئەو دوو هێزە نەك درێژ دەبێتەوە بەڵکو لێرەوە ململانێی ڕاستەقینەی نێوان ئەو دوولایەنە دەست پێدەکات تا دەگات بەئاشتبوونەوە لەناو بەرەی کوردستانی، کەئەو ململانێیە بەدوای سەرکەوتنی ڕاپەرین و هاتنی حزبەکان بۆ ناو شار دەچێتە دۆخێکی ترەوە، بەشداریی کردنی تاڵەبانی لەهێنانەوەی تەرمی مەلا مستەفا و خوێندنەوەی ووتارێك لەپەرلەمان ئومێدێکی بە مەسعود بارزانی بەخشی بەوەی ئەو وەك باوك و براکەی ناکەوێتە شەڕکردن لەگەڵ ئەو پیاوە چونکە ئەوەتە ووتار لەسەر تەرمی باوکی دەخوێنێتەوە و خۆی بە کوڕی ئەو دەزانێت، بەلأم مەسعود بارزانی تاکە شتێك لەو کارەی

تاڵەبانی کە نەدەبوولەبیری بچێت ئەوەبوو مەبەست لەو ووتارە ستایشکردنی باوك نەبوو هێندەی لەپشت ئەو ڕەوانبێژیی ستایشکردنەوە مەبەستی بەشداریکردن لەهەرچی ئابوریەکە کە پارتی بەڕێوەی دەبات ئامادەیی هەبوو، وەك چۆن پەرلەمان لەنێوانیان دابەش دەکرێت دەبێت ئاواش داهات دابەش بکرێت، بەڵام تاڵەبانی چۆن خەونی باوکایەتی هەبوو بەهەمان شێوەش مەسعود بارزانی بەدەر نەبوو لەو خەونە، هەر بۆیە ئەوکاتەی هەریەك لەو دوانە دەیانەوێ خەون کۆنترۆڵ بکەن ئەوەش لەسەر زەوتکردنی خەونی ئەویترە، لەبەر ئەوەی هەریەك لەو دوو کارەکتەرە بەو زەوتکردنە ڕازی نەبوون، ئەوە بوو مەسعود بارزانی چارەنووسی هەمان قەدەری باوك و براکەی بوو لەتەك تاڵەبانی و ئەنجام شەڕ درێژەی پێدرا.

ئەو شەڕە گومانکردن بوو لە نیاز پاکی ئەو ووتە زایەی تاڵەبانی لەسەر تەرمی بارزانی ووتی، چونکە ئیدیی سەردەمی حیکایەتکردن لەسەر بارزانی هاتە ئاراوە، بەوەی لەنسکۆدا ئەو پیاوە چەندین هەزار دۆلاری کوردیی بردووە" دیار میدیای یەکێتی ووتی درزیەتی، بەڵام ئەوەیان دەستەواژەیەکی هێندە شەرمئامێز بوو لەئاستی مەلا مستەفا ووترا کەمن نە بێئەدەبی وا دەکەم و نە بەمافی خۆشم دەزانم وێنەی ڕاستەقینەی خەڵکی تر بشێوێنم چ جای ئەوەی پیاوێك لەناو مێژوودا وەك شۆڕشگێر و کارەکتەرێکی ئەکتیڤی ناو ژیانی کوردیی دەرکەوتبێت، با ئەوانی بەم زمانە دەیاننووسی بزانن حزبەکەیان چۆن ئەو هەڵە زمانەوانییەیان بۆ ڕاست دەکاتەوە" ئەو ئاکارە ناشیرینە لەناو حیکایەتدا دەیویست شوناسی دز بەو کارەکتەرە مێژوویە ببەخشێت کە چەند ساڵێك پێشتر خۆی بەکوڕی ئەو ناو دەبرد.

تاڵەبانی ڕێگای بۆ هیچ ئومێدێك نەهێشتوە تائومێدێك بە داهاتوو ببەخشێن، ئەو گرژیە بەدوای کۆتایی شەڕی ئەو دوو هێزەش بە شێوەی ڕەمزیی لەناو پێکهاتە حزبیەکان هەر بوونی هەبوو تاڕۆژی 2005/9/2 لەڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراودا تاڵەبانی چووە سەر گۆڕی مەلا مستەفا بەو کارە شۆکێکی تووشی ئەندام و لایەنگرانی خۆی کرد، لەدوا بەشی ئەو ووتارەدا دێینە سەر قسەکانی، بەڵام جارێ لەسەر پەیوەندیی ئەو کارەکتەرە بە گۆڕەوە دەوەستین.

ئەوکاتەی تاڵەبانی دێتە سەر گۆڕی مەلا مستەفا دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت ئەو ساتەوەختە بارزانی کارەکتەرێکە لەناو مێژوودا، مێژوویەك خاڵی نیە لە ناکۆکی لەگەڵ تاڵەبانی، بەڵکو ئەو ئەگەر بێتە ناو ئەو دۆخە نوێیەمان هەرگیز ئەو میوانداریەتیەی تاڵەبانی قەبووڵ ناکات، چونکە گەمە هەمیشەییەکانی بۆ ئاشکرا

بووە، ئەو میوانە هەموو جارێ دێت دەڵێ "پەشیمانم..!" بەڵام دواتر دەردەکەوێت نەك هەر پەشیمان نیە بەڵکو پلانێکی تر بەرامبەر بە خودان ماڵ ئەنجام دەدات، ئەوە ئەگەر بارزانی وەك کارەکتەرێکی نێو زەمەنی ڕابردوو سەیر بکەین.
بەڵام ئەو کاتەی بمانەوێ لەناو زەمەنی ئێستا ببینین دەبێ بڵێین ئەو کەسێکی مردووە، مردوو بە مانا ڕەمزیەکەی نا، بەڵکو مردوو بەو مانایەی بونیادێکی فیزیکی لەناو جەستەی هەنووکەیدا ئامادەیی نیە، بەڵکو لەبڕی ئەو بونیادە ئەو خاوەنی (گۆڕێك) ە، گۆڕ شوێنێکە لەگەڵ وەستانی بونیادیی فیزیکی دەبێتە شوناسی کەسی مردوو، لێرەوە جەستە لەبونیادێکی فیزیکی و چالاکی ناو ژیان دەبێت بە بونیادێکی سستی وەستاو کە تێکەڵی خۆڵ دەبێت، تادواجار بەرەو فەنا بوونێك دەچێت، ئەوەی لەو دەمێنێتەوە (گۆڕ) ە، ئەوەش شوێنێکە بۆ دیدەنی تاوەکو لەو ڕێگەیەوە یادەوەریی بگەڕێنینەوە، ڕێزگرتنێکە لەمێژووی بوونی مردوو، بارزانیش کارەکتەرێکە لەمێژوویی سیاسی ئێمە، ناوێکە لەناو شۆڕشدا بوونێکی دیار و تاڕادەیەکی زۆریش وەك سیمبولێکی سیاسی دەرکەوتووە، دواجار گەر بۆ هەموانیش نەبێت بۆ پارتیەکان چوونە سەرگۆڕی ئەو پیاوە.. چوونە بەرەو لای موقەدەس، بۆیە تاڵەبانی پێی خۆش بێت یا ناخۆش ئەوەی مەلا مستەفا بە مەوقەدەس دەکاتەوە ئەو تاڵەبانی خۆیەتی کە دەبێتەوە بەبەشێك لە بەموقەدەسکردنەوەی مەلا مستەفا، چ وەك ئەو پۆستەی کە ئەو مومارەسەی دەکات کە سەرۆك کۆماریە وە چ وەك پیاوێك کە ویستویەتی لەمێژووی سیاسی خۆیدا پێمان بڵێت کە ئەو دژی موقەدەسکردنی مردووە.
کاتێ تاڵەبانی لەساڵیادیی ڕووداویی سی ویەکی ئابدا دەچێتە سەر گۆڕی موقەدەسی پارتی کەچی هەر ئەو بوو ئەو ڕووداوە ی بەگەورەترین خیانەتی ناو مێژوو ناوبرد، تەنانەت ئەو کارەی درێژ کردەوە بۆ مەلا مستەفاش، دەشێ ئەو کارەکتەرە سیاسیەی ئێمە لەهەر چرکەیەك بەشێوەیەك ڕەفتار بکات، هەربۆیە ڕێز لەکوژراوانی حزبەکەی خۆشی ناگرێت، ئەو بەو لێدوانە ئەوەی بیردەچێتەوە کە ئەو یەك لەشکر گەنجی ئەو وولاتەی بەناوی کلاو قاسم و کەپکی حەمەد ئاغاو گردی جاسوسان بەکوشتن دا، گردی جاسوسان ئەوە یەکێکە لەکۆمیدیاترین سەنگەرەکانی گەنج کوشتن... کە ژنانێکی زۆر بەهۆی ئەو گردە وگردەکانی تر و سەنگەری جیاواز بوونە بێوەژن و جەرگ سووتاو کە ئەو ڕێز لەوانە نەگرێت و پێیان بڵێت کوڕەکانتان لەسەر هەڵە کوژران، لێرەدا ئێمە وەك ئلتیزامێکی ئەخلاقی نووسین هاوخەمی

خۆمان لەتەك قوربانیانی شەڕی گردەکان دەردەبڕین و شتێك کەلەدەست ئێمە بێت بۆ ئەو لەشکرە کراس ڕەشە هەر هێندەیە.

ئەگەر تائیرە لەڕێگەی پەیوەندیی نێوان باوك و کوڕ و خوێندنەوەی ڕابردووەوە سەیری ئەو کارەکتەرەمان کرد، کەچۆن لەڕێگەی (هەڵگەڕانەوە) و (پاشگەزبوونەوە) دا هەڵوێستەکانی دەرخستووە، لێرەوە لەڕێگەی دوایین پاکانەی لەسەر گۆڕی بارزانی دەیڵێت، سەیری زەمەنی هەنووکەیی تاڵەبانی دەکەین، بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت دڵنەوایی دایك و کۆرپە و هاوسەریی کوژراوانی ناو یەکێتی بکەین و لەلایەکی تریش پارتیەکان بەئاگا بێنینەوە کەبەو کارە دڵیان خۆش نەبێت، چونکە دەشێ ئەو پیاوە لەو قسانەش جارێکیتر پاشگەز بێتەوە.

ووتەکەی تاڵەبانی بە مژدە دەست پێدەکا بەڵام پێویستە بپرسین مژدە بۆکێ گەر وەك ئەو بڕوای وایە کە مژدە بە بارزانی دەدات بەوەی ئەوەی ئەو خەباتی بۆکرد هاتۆتە دیی، تاڵەبانی بەو کارەی تەواویی یادەوەریی سیاسی خۆی دەباتە ئاستی بیر چوونە، چونکە هاتنە دیی ئاواتەکانی بارزانی مانای شکستی ئەویترە، تەنانەت ڕەوانبێژیی قسەکردن هەر بەتەنها لەناوستایشکردنی کەسی مردوو نامێنێتەوە بەڵکو دەچێتە سەر ستایشی ناوچەی بارزانیش ئەوەش وامان لێدەکات بپرسین ئەو دووفاقیە سیاسیە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، ڕۆژانە لەسایەی دەسەڵاتی کوردیدا ژنان تیرۆر دەکرێن کەچی تازە سەرۆك کۆمار و سکرتێریی گشتی یەکێتی بڕوای وایە کە ژنان لەو ناوچەیە هەرلەکۆنەوە ئازادیان هەبووە بەپێی شەریعەتی ئیسلام، ئەو تەواو تووشی بیرچوون دەبێ بەوەی ئاین هێندەی بڕوای بە گۆشەگیربوون وچوونەخەڵوەتی ژنەوە هەیە بەهیچ شێوەیەك قسە لەئازادبوونی ناکات چ ججای ئەوەی لەناو پێکهاتە خێڵەکیەکانی کۆمەڵگای کوردیی و لەناویشیاندا لەناو شەرعیەتی ئیسلامەوە قسە لە ئازادیی ژن بکرێت، ئایا ئەوە نوکتەیەك نیە کە خودیی تاڵەبانی خۆی بڕوا بەخۆی ناکات نەك ئەوانیتر؟ دیارە ئەو قسەیە مانای وانیە کە ئەوە ژنانی ناوچەی بارزانن ئازاد نین بەڵکو ئێمە ناتوانین پێمان وابێت ژنان لە ناوچەیەکی دەست نیشانکراو ئازادن و لەشوێنێکی تردا ئازاد نین لەبەر هۆکارێکی زۆر ڕۆشن ئەویش ئەو ئاکار و نەریت و ئاینە هەر یەك شێوەیە، وە لەڕوویەکی تریشەوە ئەو سیستمە ئەخلاقیەی ژنی کردووە بەپەراوێزی پیاوەوە سیستمێکە لەتەواویی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیی وەك سیستمێکی ئەخلاقی ژیان

تەماشا دەکرێت، ئەو دەستەواژانەش نە ژنان بەختەوەر دەکەن و نەدەتوانن هیچ شوێنێکی کۆمەڵگای کوردیی بەرەو پێشەوە بەرن.

ئەوساتانەی کەسێك خۆی ناو دەبات بە"ڕۆڵەی بەوەفای ئەو گەلە" ئەوساتە ناکرێت قسەکردن خاڵی بێت لە دەرەوەی سایکۆلۆژیای قسەکەرەوە، چونکە چۆن بوێریی ئەوەمان دەبێ خۆمان بەڕۆڵەی بەوەفا ناو بەرین بەوەفا بوون چیە؟ دژایەتی کردنی بنەماڵەیەکە لەتەواویی بوونت و دواتر بڵێیت "جارێکی دیش لەحزوری گیانی پیرۆزی..." ئەوە ئەو گریمانە سیاسیەیە کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لەهێنانەوەی تەرمی بارزانی، بەمانای ئەوەی ئەمجارەش هاتە حزوری بەلام ئەو متمانەیە چیە کە تاڵەبانی جارێکی تر هەمان گریمانەی حیکایەت و شەڕ پیادە ناکاتەوە؟

ئەوە لەلایەك بەدوای ئەو دەستەواژانە تاڵەبانی چۆن بنەماڵەی کوژراوەکانی خۆی دەدوێنێت کەلەشەڕی ناوخۆ بەدەستی پارتیەکان کوژران؟ دەشێ ئەو پرسیارانە هێندەی لەناو دڵنیایی دووفاقیەتی ڕەفتار بگات بە وەلام بەهیچ چەشنێك پێویستی بە تێڕامان و بیرکردنەوی قووڵ نەبێت، چونکە لەڕابردوودا هەموو ئەو گەمە سیاسیانەی دووبارە کردۆتەوە، بۆیە جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کەنووسین لەو سەردانە زیاتر دڵنەوایی کردنی خێزانی کوژراوانی یەکێتیە، وەك چۆن بەئاگاهێنانەوەی پارتیەکانیشە بەوەی نەکەن بەو سەردانە ئاسوودە بن و بخەڵەتێن، چونکە شەڕی ئێوە لەگەڵ ئەو هێزە شەڕێکە لەهەناوی کۆمەڵگا بوونی هەیە و ئاسەوارەکانی بنبڕکردن بەو سەردانە کۆتایی نایەت، هەمو قسەکردنێك لەنیازپاکی بەبێ ئەوەی قسە لەبرین بکرێت و ڕابردوو بیرخۆمان بەرینەوە هەڕەشەی شەڕێکی تر و قۆناغێکی تراژیدیی تری لەخۆوە گرتووە.

هەموو ئەوانەی دەووترێن لەبارەی باوکی موقەدەس جگە لەحیکایەتی فەرزەندیی یاخی شتێکی تر نیە، ئەوە ئەگەر ڕۆژێك بڕوامان بەوە هێنا کە سەردەمی حیکایەتەکان بەسەر چووە، ئەوسا دەبێت ڕەخنە لەو سیستمە عەقلانیەش بگرین کە پێی وایە زەمەنی ئێستامان جیاوازە لەڕابردوو بەوەی ئێمە ئیدیی برای یەکترین، مەبەست لەهەریەك لە برابوون و زەمەنی ڕابردوو ڕەخنەگرتنە لەتەوایی ئەو حیکایەتە مردووانەی کە گوتاری سیاسی کوردیی خولقێنەریەتی، ئەوەشیان بابەتی جیاواز دەگرێتە خۆی کەپێویستی بەوەیە لەکۆمەڵە چەمکێکی وەك برایەتی و پێکەوەبوون و جیاوازیی و نیازپاکی ببینە دوان کە بابەتی سەربەخۆنە و ئەو ووتارە توانای نیە لێرەدا قسەی لە بارەوە بکات، دەشێ وەك ووتاری سەربەخۆ بخرێتە ڕوو.